# International Theatre Institute ITI
## World Organization for the Performing Arts

رۆژی جیهانیی شانۆ ٢٠٢٢ – ٣/٢٧

**بایۆگرافی پیتەر سێڵارس / ئەمریکا**

دەرهێنەری شانۆ و ئۆپێرا و ڤیستیڤاڵ

Kurdish/ Sorani

کوردی / سۆرانی

---

پیتەر سێڵارس

دەرهێنەری شانۆ و ئۆپێرا و ڤیستیڤاڵ

پیتەر سێڵارس لەدایکبووی  پیتسبۆرگ، پێنسیلڤانیا ی ئەمریکا، ئەودەرهێنەرەیە کە بەهۆی ڕاڤەکردنە سەرمەشق و گۆڕانهێنەکانییەوە بۆ کلاسیك، پێشنیارەکانی بۆ مۆسیقای سەدەی بیست و هاوچەرخ و پرۆژە هاوبەشەکانی لەگەڵ کۆمەڵێك داهێنەر و هونەرمەندی ناوازەدا،  ناوبانگی بە

جیهاندا بڵاو بۆوە. کارەکانی جەخت لە توانای هونەر دەکەن بۆ گوزارشتکردن لە  مۆراڵ و کاری کۆمەڵایەتی.

ئۆپێرای لەسەر شانۆکانی ئۆپێرای نەتەوەیی هۆڵەندا، ئۆپێرای نەتەوەیی ئینگلتەرا، ڤیستیڤاڵی ئێکسەن پرۆڤەنس، ئۆپێرای لیریکی شیکاگۆ. ئۆپێرای نەتەوەیی پاریس و ڤیستیڤاڵی سالسبێرگ و چەندان شوێنیتر نمایش کردووە.

سێڵارس هاوکاری لە دروستکردنی چەندین کاری کۆمپۆزەر "جۆن ئادەمز"دا کردووە، لەوانە: نیکسون لە چین، مەرگی کلینگهۆفەر، نینۆ، دکتۆر ئەتۆمیك، ئینجیل بەپێی مارییەکەی تر و کچانی ڕۆژاوای ئاڵتوونی. هەروەها آبە سوودوەرگرتن لە ئاوازەکانی "کایا ساریاهۆ" سەرپەرشتیی بەرهەمهێنانی هەندێك لە کارەکانی کردووە (L’Amour de loin, Adriana Mater, Only the Sound Remains) کە زەخیرەی ئۆپێرای نوێی فراوانتر کرد.

پرۆژەکانی تریشی ، پێش پاندامێك بریتی بوون لە بەرهەمهێنانێکی نوێی " Doctor Atomic " لە ئۆپێرای سانتا فێ، نمایشی "کۆپەرنیکۆس"ی "کلاود ڤایڤێر" بۆ ڤیستیڤاڵی " Festival D’Automne (Paris) "، هەروەها بەرهەمهێنانی" Idomeneo "ی مۆزارت بۆ ڤیستیڤاڵی سالزبێرگ.

لە کۆتایی ٢٠٢٠دا پلانی فیلمی "ئەم جەستەیە زۆر هەمیشەیی نییە..."ی دانا و دەرهێنانی بۆ کرد، ئەم فیلمە وەك پەرچەکردارێك بوو بەرامبەر پاندامیکی جیهانیی، وە سوودی لە تێکستی سوترای ڤیمالاکیرتی وەرگرتبوو (تێکستێکی بوداییە / و.ك).

بەرهەمەکانی داهاتووشی بریتین لە نمایشکردنی " Le Roman de Fauvel "، ئەم بەرهەمە بە هاوبەشی لەگەڵ زانای موزیك و دروستکەری دەستەی سێکوێنشا "بەنجامین بەبای" دەبێت. نۆژەنکردنەوەیەکە بۆ بەرهەمە ناودارەکەی سێلارس " Tristan und Isolde"، چیرۆکی ئەم بەرهەمە بەو کارە ڤیدیۆ باڵایە قووڵتر و ڕۆشنتر کراوەتەوە کە لەلایەن هونەرمەندان "بیڵ ڤیۆلا" و "پێرڵ نوا"وە دروستکراوە " meditations for Josephine " لەگەڵ مۆسیقا لە لایەن ئاوازدانەر و فرە ئامێردار "تایشاون سۆرێ" و لەلایەن دەنگبێژی بێهاوتا "جولیا بولۆک"ەوە پێشکەش دەکرێت.

سێلارس چەندین ڤیستیڤاڵی هونەریی بەڕێوە بردووە، لەوانە، ڤیستیڤاڵی لۆس ئەنجلۆس ١٩٩٠ و ١٩٩٣، ڤیستیڤاڵی هونەریی ئادێلاید ٢٠٠٢. لە ٢٠٠٦دا دەرهێنەری هونەریی ڤیستیڤاڵی نیو کراوند هۆپ بوو، بۆ ئەو ڤیستیڤاڵە هونەرمەندانی پێگەیشتوو وە دامەزرێنەری خاوەن باکگراوندی کەلتووری جیاوازی بانگهێشت کرد تا لە بەشەکانی مۆسیقا و شانۆ و سەما و فیلم و ڤیژواڵ ئارت و بیناسازیدا کاری نوێ دروست بکەن، ئەمەش بۆ یادی ٢٥٠ ساڵەی لەدایک بوونی مۆزارت ڕێکخرا. هەروەهادەرهێنەری مۆسیقیی ڤیستیڤاڵی موزیکی ئۆجای ٢٠١٦ بوو.

سێلارس پرۆفێسۆرێکی دیارە لە بەشی هونەر و کەلتووری جیانیی زانکۆی کالیفۆرنیا،لە هەمان زانکۆ بەڕێوەبەری دامەزرێنەری پەیمانگەی بۆثیۆسە، ڕێکخەری نیشتەجێی ڤیستیڤاڵی فیلمی تێلورەیدە. خەڵاتی گرنگی پۆلار موزیك پرایزی بەدەستهێناوە و لەلایەن موزیکاڵ ئەمریکاوە نازناوی هونەرمەندی ساڵی پێ بەخشراوە.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە لەلایەن [ڕزگار حەمە ڕەشید](), دەرهێنەری هونەریی [گرووپی شانۆی سکای]()

Translated to Kurdish (Sorani) by Rzgar Hama

Artistic Director of Sky Theatre Group